**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**به ناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان _ عێراق**

**ژمارەی بڕیار:** 13

**ڕۆژی بڕیار:** 29/4/ 1998

## بڕیار

پشت بەو دەسەلاتەی کە بە پێی بڕگە (3)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997دا پێمان دراوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ژمارە (11)ی ڕۆژی 1998/4/26 دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

**یاسای ژمارە** (5)**ی ساڵی** 1998

(**یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە** (1)**ی ساڵی** 1992)

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- ئەندامێتی ئەنجومەن و ئەندامێتی فەرمانە گشتییەکان پێکەوە کۆ ناکرێنەوە، فەرمانبەری گشتی بە دەستی لە کارکێشراوە حسێب دەکرێ لەو ڕۆژەوە کە لە بەرامبەر ئەنجومەندا سوێند دەخواو، لە سەریەتی کە سکرتاریەتی ئەنجومەن لە هەڵوێستی فەرمانبەرایەتیەکەی ئاگادار بکاتەوە.

2- نابێ ئەندامێتی ئەنجومەن و ئەندامێتی لە یەکێک لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوە پەیوەندارەکان بە فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کۆ بکرێتەوە. ئەندام لە سەریەتی کە یەکێک لەو ئە نجومەنانە هەڵبژێرێ لە ماوەی هەشت ڕۆژ لە جاڕدانی ئەنجامی هەڵبژاردن، ئەگەر وای نەکرد بە هەڵبژاردەی ئەم ئەنجومەنە حسێب دەکرێ و ئەنجومەنیش بەمە ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی یەکەم لە ماددەی پەنجا هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

(بەستنی ئەنجومەن یاسایی نابێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادە نەبن، ئەنجومەن بڕیارە کانی بە ئامادەبووانی زۆرینەی ئەندامەکانی دەدا، لەو بارانەدا نەبێ کە زۆرینەی تایبەتی گەرەکە، بە گوێرەی یاسا، لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکانیش دا بەلای سەرۆک دا دادەلەنگێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی پەنجا و یەک هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماوەی ئەنجومەن چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکا و بە دوایین دانیشتن لە ساڵی چوارەمدا دوماهی پێدێ).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی پێنجەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بۆ کاری ئەنجومەن خۆیان تەرخان کردووە ئەنجامدانی ئیشوکاری حزبایەتی یان نەقابی یان ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بە ئەنجامدانی وەزیفە یان دەست ڕەنگینی یان پیشەیی حسێب ناکرێ و لەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایەدا هاو دژ نییە).

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا پەخش دەکرێ.

جەوهەر نامیق سالم

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_ عێراق